جارێکی تر شاندی دانوستانکاری یەکێتیی و پارتی لە بارەگای یەکێتیی لە هەولێر کۆبوونەوە



ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە جارێکی تر شاندی دانوستانکاری یەکێتیی و پارتی کاتژمێر 5:00ـی ئێوارە لە شاری هەولێر لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی کۆبوونەوە.

کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی وەفدەکەی یەکێتی و پارتی یەکەمین کۆبوونەوەیە لەدوای کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان بافڵ تاڵەبانی و مەسرور بارزانی سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی 10هەمینی حکومەتی هەرێم.

پێشتریش سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاندبوو، گفتوگۆکان هێنگاوی باشیان بەیووە و پێکهێنانی حکومەت زۆر نزیکە.

ئێوارەی ئەمڕۆ لەکاتەکدا، نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 18ـی ئادار، بافڵ تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی سەردانی پیرمامی کرد و لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرکی حکومەتی هەرێم و جێگری دووەمی سەرکی پارتی کۆبوویەوە، "پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمیان گفتوگۆ کرد".

مەسرور بارزانی، سەرکی حکومەتی هەرێم دەڵێت: "پێشوازیمان لە بڕیار بافڵ تاڵەبانی کرد و گفتوگۆمان لەبارەی هێنگاو و ئەرکەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد،

هەردوولا کێبوونەوەکانمان بۆ ئەرێنی هەستیانگاند و هاوکابووین لەسەر گرنگیی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و یەکگرتوو و خزمەتگوزار".

لەلایەکی ترەوە فازڵ میرانی، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی رایگەیاند، "مەسرور بارزانی وێڕای دووەمی سەرۆک وەزیرانی بە نوێدەکرێتەوە".